بەهۆی ڕووداوێکی هاتوچۆ لێنێوان مەهاباد و ورمێ پێنج کەس گیانیان لەدەستدا

فەرزین ڕەزا زادە، بەڕێوەبەری فریاکەوتنی شاری ورمێ، لە لێدوانێکدا بە میدیا نێوخۆییەکان ڕاگەیاندووە، ئەمڕۆ لەسەر ڕێگای (ورمێ – مەهاباد) ڕووداوێکی هاتووچۆ لێنێوان بارهەڵگرێک و دوو ئۆتۆمبێلی تایبەت لە جەرکانی بیجێ و پراید ڕوویداوە.

ئاماژەی بەوەشکردووە، لە ئێنجامی ڕووداوەکە پێنج کەس لەسەرنشینانی هەردوو ئۆتۆمبێلەکە گیانیان لەدەستداوە و سێ کەسی دیکەش بریندار بوون.

ئەوەشی خستەڕوو، لە ئێستادا سەرجەم بریندارەکان ڕەوانەی نەخۆشخانە کراون کە باری تەندروستی دوو کەسیان ناجێگیرە.